# ڕونكردنەوەیەك لەسەر ڕاپۆرتە هەواڵییەكەی كۆمەڵەی برایەتی كوردی لە شاری ئارنهێمی هۆڵەندی سەبارەت بە دادگایی فرانس ڤان ئەنرات

ئەمڕۆ ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەوانیمان بە زمانی عەرەبی خوێندنەوە كە لە لایەن كۆمەڵەی برایەتی كوردی شاری ئارنهێمەوە بلاو كرابوەوە , نوسەرەكانی پێیان عەیب بووە بە كوردی بینوسن , چونكە دەزانن كورد زمانەكان باوەڕییان پێ ناكەن , بۆیە هانایان بۆ زمانی عەرەبی بردووە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك ئەو كۆمەڵەیەمان تا ئەمڕۆ نەناسیوە , پێخۆشحاڵ بووین ئەمڕۆ چەند كەسێكییان بۆ یەكەمجار لە دادگایی فرانس ڤان ئەنرات ئامادە بوون , ئەوەش نیشانەی دڵسۆزییانە , زانیارییە هەڵەكانیشییان لەسەر مێژووی بەشی یەكەمی دادگاییەكە و كیمیابارانكردنی ئەهوارەكان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم دادگاییە نەبوونەو نیین , بەڵام دەمانەوێت ڕونی بكەینەوە كە :-

ئەو كۆمەڵەیە هیچبەشدارییەكییان لە سازدانی كۆبونەوە جەماوەرییەكانی بەردەم دادگاو ئەو پێشانگایانە نەكردووە كە لە بەردەم هۆڵی دادگا سازكرا .
-نە كۆمەڵەی برایەتی ئارنهێم و نە پارتەكەشییان تا ئێستا بە یەك پەڕەی بەڵگەنامەو و یەك سەنت هاوكاری ئەو پرۆسەیەیان نەكردووە , كە وا 2 ساڵە پێوەی خەریكیین .
-لەو كاتەی ئەوان ڕاپۆرتەكەیان بلاو كردبوەوە ئێمە هێشتا لەبەردەم دادگا بووین , چاوەڕوانی حەسانەوەی ئێمەیان بكردایە ئەوجا بیانكردایەتە هی خۆیان , بەلای ئێمەوە گرنگ ئەنجام دانە , چاوەڕوانی پاداشت نیین لە هیچ لایەنێكەوە .

بۆیە داواكارین بە زووترین كات كۆمەڵەی برایەتی داوای لێبوردن لەو خەڵكە تێكۆشەرەو ناوەندی هەڵەبجە (چاك) و هەموو ئەو لایەن و كەسایەتییانەی هاوكاری ئەو پرۆسەیەیان كردووە بكات و جارێكی دیكە لە ڕاستی لانەدەن , دەنا ناچارین هەواڵەكانییان بۆ پشت ڕاست بكەینەوە .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی كورد -چاك

www.chak.info 200-6-10